# گریکی کۆن

## ژیان لە دەوڵەت شارەکاندا

گریکەکان شارەکانیان بە دروستکردنی قەڵایەک لەسەر لووتکەی شاخێک و خودی شارەکەشیان لە بناری شاخەکە بونیاد دەنا. بە دەوری خانوو و کارگە و دووکانە بازرگانییەکانیاندا دیواری کۆنکرێتیی بەرزیان دروست دەکرد، ئەمەش بە مەبەستی خۆپاراستن لە دوژمن لە ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگدا دەکرد. لە هەر شارێکدا مەیدانێک هەبوو پێی دەوترا ئاگورا، کە خەڵک بۆ قسەکردن و کڕین و فرۆشتن تیایدا کۆدەبوونەوە. "بینای شارەوانی"ش هەر لە هەمان شوێن بوو و ئاسایی بوو کە پیاوانی ئازاد تیایدا گفتوگۆ و مشتومڕ دەربارەی بابەت و دۆزە گرنگەکان بکەن. لە لێواری شارەکاندا گۆڕەپانی وەرزشی و تەختێکی شانۆی کراوە هەبوو. گریکەکان پێیان وابوو کە جەستەیەکی تەندروست بە هێندەی کارکردن و چوونە قوتابخانە گرنگە.



لە مەیدانی ناو شاری ئەسینا (c Mauricio)

نیوەی دانیشتووانی شارەکان کۆیلە بوون. زۆرینەی ئەو کۆیلانە دیلی جەنگ بوون، کە بەرامبەر بە گەنم، ئاژەڵی ماڵی و شتومەکی دیکە ئاڵوگۆڕیان پێوە دەکرا. کۆیلەکان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان و کانە بەرد و خەڵووزەکاندا کاریان دەکرد و خانووبەرەیان پێ دروست دەکرا. هەندێک لە کۆیلەکان مامۆستا و دکتۆر بوون. ژنانی هاوسەری پیاوانی ئازاد، بەزۆری خانمی ماڵ بوون. بەرپرسیارێتیی پەروەردەکردنی منداڵ و قوربانیکردن بۆ خوداوەندەکانی ماڵیان لەسەر بوو.

خانمە کۆیلەکان کاری دروستکردنی خواردن و شووشتن و خاوێنڕاگرتنیان بۆ دەکردن. پیاوی ماڵ سەرجەم کاروباری کڕینی شتومەکی لە ئەستۆبوو. بەیانی زوو دەچوووە دەرەوە و تا ئێوارە درەنگان نەدەگەڕایەوە. ئیتر لەو ماوەیەدا شمەک کڕین، بینینی پیاوانی دی، وەرزشکردن و ڕاوکردنی ئەنجام دەدا. ئەگەر میوانی لەگەڵ خۆیدا بهێنایەتەوە، دەبوو



Tekst og bilder hentet fra zmekk.no etter avtale med Bergen kommune

Utarbeidet av NAFO og Tema Morsmål

هاوسەرەکەی خۆی بە دوور گرتبایە و خۆی دەرنەخستایە، ئەوە کاری خانمە کۆیلەکان بوو کە میوانەکان بە سەماکردن و گۆرانی بۆ گوتن سەرگەرم بکەن.



قوتابخانەیەکی دەرەوە لە ئەسینا *Wiki Commons*

تەنها کوڕان بۆیان هەبوو بچنە قوتابخانە. لە تەمەنی شەشساڵییەوە دەستیان پێدەکرد و لە پانزە ساڵیدا تەواو دەبوون. کچەکان دەبوو لە ماڵەوە بن و فێرە بەڕێوەبردن و خاوێنراگرتنی ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ بن. زۆرینەی کچەکان لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دەدران بە شوو.

## ئەسینا

پیاوەکان لە ئەسینا کاتێکی زۆریان بە گفتوگۆکردن و بڕیاردان دەربارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و سەروکارکردنی دەوڵەت شارەکانەوە بەسەر دەبرد. ئەوانەی بۆیان هەبوو ڕای خۆیان بڵێن، لە پیاوانی ئازاد بوون کە لە شارەکەدا مەزن ببوون. هەر نۆ ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی خەڵک دەکرا. کۆبوونەوەی خەڵک یاسای دادەنا و بڕیاری لە باج و بابەتگەلی گرنگی دیکە دەدا. هەزاران کەس ئامادەی گفتوگۆکان دەبوون. یەکێک لە ڕێساکان ئەوە بوو کە نابێت هیچ کۆبوونەوەیەک بەڕێوە بچێت گەر ژمارەی ئامادەبووان لە ٦٠٠٠ (شەش هەزار) ئەندام کەمتر بووایە. پیاوەکان بە "لەگەڵ بوون" یان "دژبوون" دەستیان هەڵدەبڕی. ئەسینییەکان ئەمەیان ناونابوو دیموکراتی، هەرچەندە ژنان و کۆیلە و بێگانەکان بۆیان نەبوو لە بڕیارداندا لەگەڵدا بن.



Tekst og bilder hentet fra zmekk.no etter avtale med Bergen kommune

Utarbeidet av NAFO og Tema Morsmål



مەزنە وتاربێژی گەل "پێریکلێس" لە ئەسینا وتار بۆ هاوڵاتیان دەدات *Wiki Commons*

ئەوانەی کە کاری بەڕێوەبردن و سەرۆکایەتیی کارە گرنگەکانیان لە شاردا دەکرد، لە ڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێردران. بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەش کە دەبوونە دادوەری دادگا و نابژیوانانی پێشبڕکێ وەرزشییەکان هەر پەنا دەبرایە بەر تیروپشک. ساڵانە جارێک ئەسینییەکان بڕیاریان لەوە دەدا کە ئایا خەڵکانێک هەن کە دەبێت لە شار دەربکرێن. ئەوانەی خەڵک لێیان ناڕازی بووایە و خوازراو نەبوون، بۆی هەبوو تا ماوەی دە ساڵ لە شار دەربکرێن.

## سپارتا

ئەسینا زۆربەی کات لەگەڵ سپارتادا (کە وەک دەوڵەتێکی جەنگی ناسرابوو) لە جەنگدا بوو. پیاوەکانی سپارتا جەنگاوەری چاک بوون، چوونکە لەسەر ئەوە ڕاهێنانیان پێکرابوو کە ببنە جەنگاوەر. لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە تا سی ساڵی لە سەربازگەکاندا دەژیان. لەوێدا ڕاهێنانی قورسیان پێدەکرا و فێرە دیسپلین دەکران. خواردنی کەم و جلوبەرگی خراپیان پێدەدرا. باشترین ڕێگە بۆئەوەی بژین، ئەوە بوو کە فێرە دزیکردن بوونایە. سپارتاییەکان پێیان وابوو کە کوڕەکانیان گەر لە بارودۆخێکی خراپدا بژین دەبنە جەنگاوەری باشتر. خزمەتی سەربازی هەتا تەمەنی شەست ساڵی دەخایاند.



پەیکەرێکی کۆنی سپارتاییەک و نموونەیەکی مۆدێرنی سپارتاییەک *Wiki Commons*



Tekst og bilder hentet fra zmekk.no etter avtale med Bergen kommune

Utarbeidet av NAFO og Tema Morsmål

جەنگاوەرە سپارتییەکان قژیان درێژ و عەبای سووریان دەپۆشی. هەربۆیە ئاسان بوو بناسرێنەوە. ئەگەر سەربازەکان لە جەنگێکدا نەیانبردایەتەوە، دەبوو هەمووان هەتا مردن بجەنگانایە. بۆیان نەبوو لە جەنگێک بگەڕێنەوە بەبێ ئەوەی بیانبردایەتەوە.

ژنان لە سپارتا ئازادییەکی زیاتریان لە ژنانی دەوڵەت شارەکانی دیکە هەبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پیاوەکان زیاتر دوور دەکەوتنەوە لە خێزانەکانیان. گرنگ بوو کە کچان و ژنان بۆئەوەی منداڵی تەندروستیان بووایە، ڕاهێنانی باشیان بکردایە و هاوکات جەستەیەکی تەندروستیان هەبووایە. منداڵی کوڕ خواستی زیاتری لەسەربوو، هەربۆیە ڕووی دەدا کە کچانی لەدایکبوو لە ناو جەنگەڵدا فڕێ بدرێن.

## ئەرک و ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١- گریکەکان ئەو مەیدانەی کە خەڵک تیایدا کۆدەبوونەوە و قسەیان دەکرد ناونابوو چی؟

٢- کێ بوون ئەوانەی لە ئەسینا بۆیان هەبوو بچنە قوتابخانە؟

٣- ئەنجوومەنی خەڵک چ کارێکیان دەکرد؟

٤- ئەسینییەکان بە چ شێوەیەک ئەوانەیان هەڵدەبژارد کە کاری بەڕێوەبردن و سەرۆکایەتیی کارە گرنگەکانیان لە شاردا دەکرد؟

٥- جەنگاوەرە سپارتاییەکان چۆن و بە چیدا دەناسرانەوە؟



Tekst og bilder hentet fra zmekk.no etter avtale med Bergen kommune

Utarbeidet av NAFO og Tema Morsmål